عێراق ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بەئامانجگرتنی پێگەی ئادارەکان بەفڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئادەگەیەنێت

ئەمە هەینی، سەباح نوعمان وتەبژێی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان،بەیاننامەیەکی یەکلاکەرەوەی سەبارەت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە هێرشەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان بۆاوکردەوە و ئەنجامدەرانیشی ئاشکراکرد و بەڕێنی لێپرسینەویان لێکرد.

سەباح نوعمان، وتەبژێی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق ئەوارەی ئەمە هەینی لە ئاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بۆاویکردەوە، لەسەر بنەمای ئاسپاردەکانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی باڵا ئەفسەرانی باڵا و پسپۆڕ لەخەبگرت بە بەدواداچون بە ئەو ئوداوانەی کە ژمارەیەک شوێنی ئاداری سەر بە هێزە چەکدارەکانی عێراقی کرد ئامانج، لەڕێگەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خێکوژ لە یەککاتدا، کە سیستەمی بەرگری لە چەند بنکەیەکی سەربازی لە ناوخێی وڵاتدا کرد ئامانج، دوای هەوڵە ئەمنی و هەواڵگری و تەکنیکییە جۆکان، لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە ئەنجامی گرنگ و یەکلاکەرەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، سەرچاوەی دروستکردنی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی لە هێرشەکاندا بەکارهێنراون دەستنیشانکرا، دەرکەوت سەری جەنگی بە کەشی جیاواز لەخەدگرت و لە دەرەوەی عێراق دروستکراون.

سەباح نوعمان دەڵێت، بەو وردی شوێنی هەڵدانی ئەو فڕۆکە بۆمبکەوانانە دەستنیشانکرا، کە سەلمێندرا لە شوێنێکی دیاریکراو لە ناو خاکی عێراقەوە هەڵدراوە، هەروەها ئەو لایەنانەی کە بەشداربون لە ئەنجامدان و هەماهەنگیکردنی ئەو ئەپراسیۆنە دوژمنکارانە، دەزراونەتەوە.
ئەوەش خراوەتەڕو، شیکارییەکی تەکنیکی گشتگیر بە سیستەمکانی کۆنترۆڵ و پەیوەندییەکان کراوە کە لە کارپێکردنی فڕۆکە بۆمبکەوانەکاندا بەکارهێنراون، ئەوەش وایکرد دەزگا هەواگرییەکان بتوانن زانیاری ورد کۆبکەنەوە کە پشتگیری لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەکەن.

لەو ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، لیژنەی لێکۆڵینەوە پشتڕاستی کردەوە کە هەمو ئەو فڕۆکە بۆمبکەوانە خۆکوژییانەی لە هەرشەکەدا بەکارهێنراون لە یەک جۆرن، ئەوەش ئاماژەیەکی ڕونە بە ئەوەی لایەنی ئەنجامدەر یەک لایەنە.
هەروەها هاتوە، لەسەر بنەمای ئەوەی پشکشکراوە، سەرکردایەتییە ئەمنی و سەربازییەکان ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە چاوپێشی لە هیچ هەڕەشەیەک ناکەن ئاسایش و سەلامەتی هەرێمی چەکدارکانمان و تواناکانی دەوڵەتی عێراق بکاتە ئامانج، هەروەها ڕەکاری یاسایی بەرامبەر هەمو ئەو کەسانە دەگیرێتەبەر کە لەو کارە تەوەگلاون و ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری عێراق دەکرێن بە ئەوەی بەپێی یاسا بگەن بە سزای خیان.

ڕونیشیکراوەتەوە، ئەو هەرشە دوژمنکارانە و ترسنۆکانە، بە پشتڵکارییەکی ئاشکرای سەروەری نیشتیمانی دادەنرێت و ڕەگە نادرێت هیچ لایەنێکی ناوخۆیی یا دەرەکی ئاسایش و سەقامگیری عێراق تێکبدات.